## سینەماکار ئەنوەر سندی:

# دەمەوێ بە جیهان بڵێم چوارسەدساڵە ئەنفال دەکرێین

**ئەنوەر سندی یەکێکە لە دەرهێنەرە دیار و بەرچاوەکانی کورد، هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە هیچ کارێکی سینەمایی ئەنجام نەداوە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت خەریکی کار کردنە و نەوەستاوە لە کار کردن، بەڵام هەموو شتێك بۆ کاتی خۆی، لەم دیمانەیەدا ئەنوەر سندی راشکاوانە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



*** ماوەیەکە دووری لە کاری سینەمایی، هۆکارەکانی ئەم دوورکەوتنەوەیەت چین؟**

-من لە ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ فیلمێکم دەرهێنا کە لە کوردستان و ئەمەریکا و ئەوروپا نمایش کرا، فیلمەکەم وەك پەیامێك بوو بۆ ئەو ئازار و مەینەتیانەی بەسەر گەلی کورد هاتوون و توانیم پەیامەکەم بگەیەنم، دواتر هەستم کرد کە بەردەوام بوون بەو شێوەیە کارێکی زیادە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستان هەمووی بابە تێکی گرنگە بۆ سینەما، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ستافێکی سینەمایی بیانی کار بکەین ئەوا دەتوانین پەیامەکە بە تەواوی وەکو خۆی بگەیەنین، هەروەها بە ئاگاداری کاك نێچیرڤان بارزانی دوو جار سەردانی هۆڵیۆدم کرد توانیم پردێك لەنێوان کوردستان و ئەمەریکا دروست بکەم بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان فیلمەکانیان بەرهەم بهێنن، هەروەك چۆن دەچن لە مەغریب یان تورکیا فیلمەکانیان بەرهەم دەهێنن، چونکە لێرە زەمینە لەبارە و خەرجی زۆر کەمتریشی تێدەچێت، بۆ نموونە ئەو فیلمەی لە مەغریب ٢٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت لە کوردستان تەنیا ٥ ملیۆن دۆلاری دەوێ، ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ ئێمە هەیە و دەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی کەلتووری سینەما لە کوردستان.

من ئێستا لە فیلمی (قەڵای دمدم) کار دەکەم و دەمەوێ کارێکی باش ئەنجام بدەم، بە کادرێکی کوردی و پسپۆڕی بیانی بە جیهان بڵێم ئێمە تەنیا لە ١٩٨٨ئەنفال نەکراوین بەڵکو ماوەی ٤٠٠ ساڵە ئێمە ئەنفال دەکرێین و بە ڕای من (قەڵای دمدم) بە قەد کۆماری مهاباد گرنگە، چونکە هەموو بنەماکانی دەوڵەتی هەبوو و دەبێ بینەری بیانی بزانێت کورد خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە و تەنیا لە ماوەی ٣٥ ساڵی حوکمی بەعسدا ئازاری نەچەشتووە، بەشێوەیەکی گشتی پێموا بووە ئەگەر کارێك بکەم و تێیدا سەرکەوتوو نەبم زۆر باشترە کارەکە نەکەم، چونکە کارێکی ناسەرکەوتوو زیانێکی ماددی بە میللەتەکەت دەگەیەنی لە هەمان کاتدا کاریگەری دەبێت لەسەر ناوبانگی سینەماکارەکە خۆی.

*** بۆچی کەمتر لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری کار دەکەی؟**

- پێوەندیم لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری زۆر باشە، بەڵام راشکاوانە دەڵێم ئەو بودجەیەی من دەمەوێ لە توانای وەزارەتی رۆشنبیریدا

نییە و ناتوانێت ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرێت، بەڵام ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری لە کارەکانی مندا بە رێژەی تەنیا ٥٪ش بەشــدار بێت ئەوا سوپاسیان دەکــەم، وەزارەت کۆمپانیــا نییە، ئــەوەی فیلم بەرهەم دەهێنێت کۆمپانیایە کە خاوەن ســتاف و دامودەزگا و کادیری تایبەتی خۆیەتی، وەزارەتی رۆشنبیری تەنیا پارە دەدات پارەکەش زۆر کەمە، بۆ نموونــە ١٠ هەزار دۆلار بــۆ فیلمێك خەرج دەکەن لەو ١٠ هەزارە تا دەگاتە دەســتی من تە نیا ٤ هەزار دۆلاری دەمێنێتەوە بەمەش فیلمەکە سەقەت دەبێ و زیان بە سینەماکار و بە بودجەی دەوڵەتیش دەگەیەنێت.

*** لە کوردســتان کادیری ســینەماییمان هەیە، ئەگەر نەبێت چۆن ئامادە دەکرێت؟**

- هەبێ و نەبێ هەر ئەمەی ئێســتامان هەیە و لەمــە زیاترمان نییە، بەجۆرێکە نە دەتوانی بڵێی هەمانە، نەدەتوانــی بڵێین نیمانە، دەتوانین بڵێین جووڵەیەك هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن چەند کەسێکەوە، ئەگەر ستۆدیۆ و هۆڵی و کەلتوری ســینەماییمان هەبێت ئەوا ئەو کادرە دەتوانــرێ پەرەی پێ بدرێت و بێتە بوون، چونکە ئێمــە لە کوردســتان بە بنەمایەکی زۆر ســادە کار دەکەیــن و کادیری لێهاتوو بــە کار کردنی بەمشێوەیە دروســت نابێت، نەمانتوانیوە تا ئێستا لە ماوەی ٢٠ ســاڵی رابردوودا ببینە خاوەنی ئەم جۆرە کادیرە، کەچی ٢٠ ســاڵە خاوەن سینەماین ئەمــە لە کاتێکدایە کادیــری باش لە ماوەی ٥ ساڵدا دروست دەکرێت، ئێستا کورتە فیلم و فیلمی درێژ و درامــای جۆراوجۆری کــوردی هەیە، بەڵام زۆربیان لاســاییە و تەنیا بۆ خۆ دەرخستنە، ئەگەرچی مەفهومێکی باشــیش هەیە، هەروەها سەبارەت بە ســینەما لە کوردستان زەمینەیەکی لەبــارە، وەك باغچەیەك وایە کە هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە مەبەستم جوگرافیــا و تراژیدیا و ئەفسانە کە کەرەستەیەکی باشن بۆ سینەما.

*** باســت لەوە کرد کە کوردستان وەك باغچەیەك وایە بۆســینەما، بەڵام بۆچی ســینەماکارانی کورد زیاتر جەخت لەســەر لایەنی کارەســات و تراژیدییەکانی میللەتی کورد دەکەنەوە و بەردەوام بۆتە هەوێنی کارە هونەرییەکانیان؟**

- دەڵێن هەر وڵاتێك شــاعیری زۆر بێت بزانە ئەو وڵاتە هەژار و پاشکەوتووە و بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنێ، ئەمەی تۆ باســی دەکەی ئاســاییە، چونکە خەڵکی ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی ئێســتا خەریکی کاری ســینەماییین و گرنگی پێدەدەن لەنێو تۆپ و فرۆکە و شــەڕ و کارەساتدا چاوی بــە دونیا هەڵهێنــاوە، بۆیە دەبینیــن ئەو جۆرە ســینەمایەی دەوێت، لەوانەیە نەوەکانی داهاتوو بەمجۆرە ســینەمایەی ئێستا هەیە رازی نەبێ، بۆیە پێویستە ســینەماکاران ئەمەیان لەبەر چاو بێت، چونکە ئێستا ئەو ســەردەمە نییە لەوانەیە ئەم کارەســاتانە دەســت بدات بــۆ چیرۆك یان رۆمان، ئێمە ئێستا ئەو تەکنۆلۆژیایەمان نییە کە بتوانین کارەسات و داســتانەکان بکەین بە فیلم، ئەگەر ئەمــە هەبێت من یەکەم کەس دەبم هەوڵ دەدەم داســتانەکانی زۆزك و سەفین و هەندرێن و خواکورك بکەم بە فیلمێکی ســینەمایی، کە فرۆکە و کۆپتــەر و تانکی تێدا بەکار بهێنرێت، بە هەمان شــێوە ناتوانی داستانێکی ئەڤینداری کوردی بکەی بە فیلمێکی ســینەمایی، چونکە فیلمێکی ئەڤینداری لەوانەیە پێویستی بەوە هەبێت کــوڕ و کچەکە یەکتری ماچ بکەن یان دەســت گرتــن و لە بــاوەش گرتنی تێدا بێت کە ئەمە لە کوردســتان بە کارێکی حەرام دادەنرێت، ئەگەر فیلمێکی لەم شێوەیە بەرهــەم بهێنرێت بــۆ بەیانی فەتوای کوشــتن لەسەر دەرهێنەر و ئەکتەرەکان دەدەن.

*** کاریگەرییە سلبی و ئیجابییەکانی کارتێکردنی ســینەمای ئێرانی بەســەر ســینەمای کوردی چین؟**

-ســینەمای ئێرانی ماڵی ســینەمای کوردی وێران کردووە، ســینەمای ئێرانــی زۆر داخراوە، بەڵام ئێرانییەکان چارەســەری خۆیان کردووە. لە ســینەمای ئێرانیدا منداڵ و ئافــرەت پاڵەوانی سەرەکین، ئەم منداڵە بە دز، بێرەوشت، پەککەوتە، کوێر، ســواڵکەر، بە هەمان شــێوە ئافرەتیش بە لەشــفرۆش یان دز و بە چەند شــێوەی دیکەی خــراپ نیشــان دەدەن، ســینەمای کوردیش تا رادەیەکــی زۆر ئەمەی پێوە دیــارە جارێکیان لە هۆلیۆد بووم بە دەرهێنەرێکی ئەمریکیم گوت من کوردم، پێیگوتم هەستە لەپێش چاوم بە پێیان برۆ، ئەی چاوەکانت لە دەست نەداوە، ئەی دەستەکانت تەواوە، منیش گوتم بۆ ئەو قســەیە دەکەی، بە پێکەنینەوە گوتی: برا گیان ســینەمای ئێرانی و کوردی مرۆڤ وا نیشانی دەدات کە هەمیشە پەککەوتە ســەقەتە، لــە ســینەمای جیهانی بەتایبەتی لــە هۆلیۆد ئەم جۆرە رەفتارانە بەدی ناکرێن و هەر لەبەر ئەمەشــە دەبینین سینەمای عێراقی و ئێرانی و تورکی نەگەیشتوونەتە ئاستی سینەمای جیهانی.

*** ئایا ئەمە بێباکی و تەمبەڵی ســینەماکارانی کورد نیشان نادات؟**

- گرنگترین بەش لە ســینەما، سیناریۆیە ئێمە سیناریۆ نووسمان نییە ئەوەی هەمانە چیرۆکنووس و رۆماننووســن، بەداخەوە تا ئێستا بەشی ســیناریۆ لە کۆلێژەکان ناخوێندرێ کە گرنگترین بەشی سینەمایە.





# سلاڤ فەواخرجی: لەبەر ئەساڵە رادیۆکەم دەکوژێنمەوە

سلاڤ فەواخرجی خانمە ئەکتەری سوری دووپاتی کردەوە کە ئێستا وەك جاران گوێ لە گۆرانی ئەساڵە نەسری ناگرێ و هیچ گرنگیشی پێنادات، چونکە لە رێگای راست لایداوە و دژایەتی بەشارئەسەد دەکات.

سلاڤ دەڵێت «کاتێك ئەساڵە گۆرانی دەڵێ رادیۆیەکە دەکوژێنمەوە چونکە ئێستا هیچ گرنگی بۆ من نەماوە»

لە گفتوگۆیەك لەگەڵ کەناڵی ئەلجەدیدە سلاڤ گوتی: ئەمە بە تەنیا راوبۆچوونی من نییە دەربارەی ئەساڵە، بەڵام گوزارەشتە لە بۆچوونی بە ملیۆنان خەڵکی سوری، بۆیە داوا لە ئەساڵە دەکەم لە هەڵوێستەکەی خۆی پاشگەز ببێتەوە، چونکە بەشار ئەسەد خزمەتێکی زۆری گشت سورییەکانی کردووە،

سلاڤ دووپاتیشی کردەوە کە لەگەڵ رژێمی سوریادایە بەتایبەت بەشار ئەسەد بە شەخسی خۆی چونکە بەرای سلاڤ ئەو هۆکاری پێشڤە چوونی هونەری سوری بووە. بەڵام سلاڤ ئاماژەی بەوە نەدا کە بە ملیۆنان خەڵکی سوریش لە سیستەمەکەی بەشار ئەسەد نارازین و بە دژی وەستاونەتەوە.



## براد بێت وئەنجلینا هاندەری لیڤەرپولن

ئەستێرەی سینەمایی براد بێت لە میانەی ئامادە بوونی لە نمایش کردنی فیلمە نوێیەکەی بەناوی (مۆنی پۆل) خۆشەویستی خۆی بۆ یانەی لیڤەرپول راگەیاند.

براد رایگەیاند کە ئەویش هەمان رێبازی هاورێکانی خۆی گرتووە کە زۆربەیان هاندەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزین، هەموو هاورێکانم ئەو یانەیەیان خۆشدەوێت منیش لەوان جیا نیم، جگە لەوە دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم کە ئەنجلیناش هاندەرێکی سەرسەختی ریدزە، شایەنی گوتنە ئەنجلینا جۆلی پێشتر رایگەیاند بوو هیواخوازە کە کورە بچووکەکەیان پێوەندی بە تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی لیڤەرپولەوە بکات.

## سەباح: دەمەوێ بەبێدەنگی بمرم



بەر لە ماوەیەك هەواڵی ئەوە بڵاوكرایەوە گوایە هونەرمەندی ناوداری لوبنانی سەباح كۆچی دوایی كردووە، بەڵام سەباح بە ئاسایی پێشوازیی لەو هەواڵە كرد و مردنی بە شتێكی ئاسایی دانا.

لەم بارەیەوە سەباح گوتی: كاتێك مردم نامەوێ مراسیمێكی گەورەم بۆ ئەنجام بدەن، چونكە من ٦٠ ساڵە هونەرمەندێكی ناسراو و خاوەن ناوبانگم بۆیە دەمەوێ بە هێمنی بمرم

بەڵام سەباح لە دیمانەیەكی رۆژنامەوانیدا ئەوەشی نەشاردەوە كە چەندە هەواڵەكەی لەلا ئاسایی بوو، ئەوەندەش بە هەواڵەكە پەست و بێزار بوو و گوتی: نازانم بۆ پەلە لە مردنی من دەكەن، من ماوەیەكە لەرووی دەروونییەوە زۆر باشم، بەڵام هەست دەكەم كەسانێك هەن دەیانەوێ ئەو ئارامییە دەروونییەی من بشێوێنن، ئێستاش كە گەیشتوومەتە ئەو تەمەنە خەڵكیانێك رقیان لێمە و ئیرەییم پێ دەبەن، وەك بڵێی رقێكی كۆنیان لە من هەڵگرتووە، بێ ئەوەی بزانم هۆكارەكەی چییە، هەندێك جار تەلەفۆنم بۆ دەكەن و پرسیاری تەندروستیم دەكەن ئەگەر بڵێم نەساغم بۆ بەیانی هەواڵی مردنی من بڵاو دەكرێتەوە نازانم تا كەی ئەم دیاردەیە بەردەوام دەبێت كە بێزاری كردووم.



## ئیڤا مەندیس:قەدەرم جەستەتە

ئیڤا مەندیزی ئەكتەری ئەمریكی پێیوایە پێویستە ئافرەت گرنگی زۆر بە لەشی خۆی بدات، چونكە دەبێتە هۆی دەركەوتنی زیاتری ئافرەت و راكێشانی سەرنجی بەرامبەر.

ئیڤا دەڵێ: تێگەیشتنی و زانینی مامەڵە كردنێكی راست و دروست بۆ قەبارە و شێوەی لەشی ئافرەت كلیلێكە بۆ هەست كردن بەسەرنج راكێشی ئافرەت و رادەی كارتێكردنی لە بەرامبەر، ئەو ئەستێرە ناسراوە بەو لێدوانانەی دەری دەخات كە هەست بەبێ متمانەیەكی زۆر دەكات لەبارەی لەشەیەوە سەرەڕای ئەوەی دەستنیشان كراوە بۆ پرۆژەی جلی ژێرەوە لە كالفین كلاین.

دەشڵێت»پێویستە ئافرەت سەیری جوانی جەستەی بكات و دەری بخات و بەوەرزش و خواردنی گونجاو كەموكوڕیەكانیشی نەهێڵێت، گوتیشی «ئەو ریژێمێكی دیاریكراو پیادە ناكات، بەڵام زۆر حەزی لەرۆیشتنە چونكە جەستە بەهێز دەكات»



## عولا غانم بیر لە جێهێشتنی میسر دەكاتەوە

خانمە ئەكتەری میسری هونەرمەند عولا غانم ترسی زۆری هەیە لە دوارۆژی هونەر لەمیسر كە تووشی مەترسی ببێتەوە، بۆیە بیر لەرۆیشتن دەكاتەوە بۆ ئەمەریكا، عولا لە دیمانەیەكدا گوتی »زۆر لە هێزە ئیسلامییەكان دەترساین كاتێك بڕیار لەدەستی ئەوان نەبوو، ئێستاش لەدوای سەركەوتنیان بوونەتە خاوەن بڕیار، بۆیە زیاتر لێیان دەترسین، هەر لە ئێستاوە كە بە تەواوی حوكمیان نەگرتۆتە دەست باس لە شتی حەرام دەكەن، چەندین كاریان بە فەتوای ئاشكرا و نهێنی حەرام كردووە كە بە ملیۆن كەسی میسر بژێوی ژیانیان پێ پەیدا دەكەن، ئایا ئەگەر ئەم هەموو كەسە بێكار بن ئەوان دەتوانن بەخێویان بكەن، پێویستە حكومەت پێگەكانی خۆی بپارێزێت تاكو نەگۆڕێین بۆ ئێرانێكی تر، عولا هەروەها دەڵێ: راستە تا ئێستا بە ئاشكرا باسیان لە هونەر نەكردووە كە میسر پێی ناسراوە، بەڵام دڵنیام پاشەڕۆژی هونەر و هونەرمەندان باش نابێت بۆیە بە جیدی بیر لەوە دەكەم میسر جێ بهێڵم و روو لە ئەمریكا بكەم.

# شیرین جیهانی:

# دوو ساڵە فیلمەکەم لە وەزارەتی رۆشنبیری کەوتووە و رەزامەندی لەسەر نادرێ

**شیرین جیهانی هەر لە منداڵییەوە خولیای دونیای هونەر و سینەما و فیلم بووە و بەردەوام کاری بۆ کردووە، تاکو ئاواتەکەی بێنێتە دی و وەك دەرهێنەر بۆ چەندین فیلم و کلیپ، لە پشت کامیرا دابنیشێت ، بەلای ئەوەو ئاساییەوە دەرهێنەری سینەمایی کاری دەرهێنان بۆ کلیپیش بکات، دەرهێنەری ناوداری چینی بە نموونە دەهێنێتەوە کە لە یەك کاتدا هەردوو کارەکەی بە یەکەوە ئەنجامداوە و تێیدا سەرکەوتووش بووە، شیرین جیهانی بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**



***فیلمەکەت بە کوێ گەیشت ؟**

ئەوەی راستی بێت دەزگاکانی راگەیاندن و تەنانەت هاورێکانیشم بەردەوام ئەو پرسیارەم لێ دەکەن کە بۆ چی ماوەیەکە هیچ بەرهەمێکی نوێت نییە؟ لە کاتێکدا کە من نیزیک بە یەک ساڵە خەریکی نووسینی سیناریۆی فیلمێکی سینمایی بووم و ئەوە دوو ساڵە خەریکی وەرگرتنی رەزامەندیم لە وەزارەتی رۆشنبیری، کە ساڵی پار لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی سینەماوە بەرێز کاک ناسر حەسەن رەزامەندی لەسەر فیلمەکە دراوە و دواتر بەرز کراوە بۆ وەزارەت و خاتوو مەهاباد بە سوپاسەوە پێداچوونەوەی سیناریۆکەی بۆ کردبوو، بەڵام لەو کاتەوە کە یەک ساڵ تێپەربووە هەتا ئێستا هەروا بێ وەڵام ماوەتەوە، هیوادارم هەرچی زووتر وەڵامی رەزامەندی کۆتایی لەسەر فیلمەکەم بدرێ و دەست بە ئەنجامدانی بکەم، ساڵی پارەکەش لە گەڵ تەلەڤزیۆنێکی فارسی لە دەرەوەی وڵات بڕیاری ئامادەکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتێریم دا لە سەر پرسی ئافرەتان، بەڵام بە هۆی جیاوازی زۆری بیر و ڕامان لە سەر پرسی ئافرەتی کورد، لە کۆتایی دا نەگەیشتینە ئاکام. من حەز ناکەم بەرهەمێک ئامادەبکەم کە زۆر جیاوازی هەبێ لە بیر و باوەڕی خۆم. لە لایەکی دیکەوە لێرە لە هەرێمی کوردستان زۆر بانگەشەی هاتنە ناو مەیدانی ئافرەتان و چالاک بوونیان دەکەن و بەردەوام لەملاوئەملا دەبیسین کە پشتگیری کەسانی چالاک و خاوەن پرۆژە دەکەن بەتایبەتی پشتگیری ئافرەتانی چالاک، بەڵام بەداخەوە هەست دەکەم کە ئەم بابەتە زیاتر دروشمی بریقەدارە، وەک ئەوەی بە کردەوە هەبێ، هیوادارم بۆچوونەکەم بەڕەشبینی لێکنەدرێتەوە، بەڵکو ئەوەی دەیڵێم حەقیقەتە، ئەوەتا من ئافرەتێکی خاوەن توانام لە بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی و هونەری لەو هەرێمەدا و هەموو هەوڵی خۆم لەو بوارەوە داوە و دەیدەم و لە سەریشی بەردەوام دەبم ، بەڵام ئەگەر رەزامەندی لەسەر نەدرێ، من چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانم فیلمی نوێ دەست پێبکەم و چۆن دەتوانم لە سەر چالاکییەکانم بەردەوام بم؟

*** وەک ئافرەتێک لە بواری سینەما چۆن خزمەتی ئافرەتی کورد دەکەی؟**

- مەرج نییە چونکە خۆم ئافرەتم فیلمەکانیشم بە تەواوی پێوەندیان بە ماف و پرسی ئافرەتەوە هەبێ، بەڵام هاوکات بە دڵنیایەوە پرسی ئافرەتان بۆ من خاوەن گرینگی تایبەتییە و تا بە ئێستا تاکە فیلمی بەرز کە بەرهەمم هێناوە لە سەر مافی ئافرەتان بووە.

*** جگە لە سینەما دەرهێنەری کلیپیش بووی، دەرهێنانی فیلم و کلیپ چ جیاوازیەکیان هەیە؟ ئاساییە کە دەرهێنەری سینەمایی کاری دەرهێنەری کلیپ بکات؟**

-بەڵێ بێجگە لە بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی، دەرهێنەری چەند کلیپیش بووم کە ئەو کلیپانە زۆرتر هی ئەو هونەرمەندانەن، کە خۆم لە منداڵیەوە حەزم بە دەنگیان بووە، وەک شوان پەروەر و شەهریبان کە مێلۆدی و بە تایبەت تێکستی گۆرانیەکانیانم زۆر پێ خۆش بووە و هەر بۆیەش دەرهێنەری کلیپەکانیان بووم. لە راستی دا جیاوازی فیلم و کلیپ زۆر ئاشکرایە، لە فیلم دا ناتوانی یەکگرتوویی چیرۆک و چاوی کامێرا و کۆمەڵێک پێداویستی و ستانداردەکانی فیلم و سینەما ببەزێنی بەڵام دەرهێنەری کلیپ تا رادەیەک ساناترە و زۆر جار وێنەکان لە گەڵ ریتم قسە دەکەن و دەتوانی زۆر بە کورتی ئەگەر کلیپەکە چیرۆکی هەبێ، باسی لێوە بکەی. زۆر کەس وابیر دەکاتەوە کە چوون دەرهێنانی کورتە فیلم یان کاری سینەمایی دەکەی، نابێ بە لای کلیپ دا بڕۆی و دەرهێنانی کلیپ بە شتێکی کەم دادەنێن. بەڵام لە راستیدا کلیپ وەک کورتە فیلم، کارێکی وێنەیی و هونەریە و بگرە لە هەموو دونیادا و تەنانەت گەورە دەرهێنەرانی هالیوودیش، جگە لە دەرهێنانی فیلم، کاری دەرهێنانی کلیپیش دەکەن، بۆ نموونە «فرانسیس لاورانس» دەرهێنەری فیلمی «کۆنستانتین» کە یەکێکە لە فیلمە بەهێز و باشەکانی هۆلیوود، لەم دواییانەدا دەرهێنەری کلیپی گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی «لەیدی گاگا» بووە. من کاری دەرهێنانی کلیپ زیاتر وەك حەزی شەخسی خۆم دەیکەم.

***رات چییە بەرامبەر بە دامەزراندنی کۆمەڵەی سینەما کارانی کورد؟**

بەڕای من باشە ئەو کۆمەڵە هەبێ و تەنانەت پێویستیشە، بەڵام بەو مەرجە کە بتوانێت سەرچاوەیەکی باشی ئابووری هەبێ و بە شێوەیەکی سیستماتیک بەرێوە بچێ و ببێتە شوێنێک بۆ پێشکەوتنی سینەما و سینەماکاران.

## ئالین:

# ئاساییە گۆرانی هونەرمەندە نەمرەکان زیندوو بکرێتەوە

**ماوەیەك بەر لەئێستا خانمە هونەرمەندی کورد هۆزان ئالین یەکێك لە گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەند ئەیاز یوسفی بە دابەشکردنێکی نوێوە دووبارە کردەوە و بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوی کردەوە هەروەها پێشتریش چەندیـــن گۆرانی دیکەی فۆلکلۆری بڵاوکردبۆوە، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان ســەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرهەمـــی هونەرمەندان ئالین ئەوەی خســـتە روو کە زۆر حـــەز دەکات بەرهەمە کۆن و فۆلکلۆرییەکان زیندوو بکاتەوە جا هونەرمەندانی هەر پارچەیەکی کوردستان بێت.**



**دەربارەی فۆلکلۆر ئالین دەڵێ:**

هەمـــوو نەتەوەکانی دنیا فۆلکلـــۆر و کەلتوری رەســـەنی خۆیان هەیە لە هەمـــوو بوارەکانی ژیان لەوانەش بواری هونەری، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان فیستیڤاڵی تایبەت ئەنجام دەدرێت بۆ دووبارە زیندوو کردنەوەی هونەری فۆلکلۆری خۆیان و ناساندنی بە نەوەکانی نوێ لە گۆرانی و ســـەما و موزیکی و شـــیعر، چونکە ئەم فۆلکۆرە دەربڕی ناخی ئەم میللەتەیـــە و رابردووی وێنـــا دەکات و دەیخاتەوە بەر چاو بۆیە شـــانازی پێوە دەکەن و بەشـــتێکی پیرۆزی دەزانن، چونکـــە زۆر جار لە رێگای ئەم فۆلکلۆرەوە داستان و رووداوە مێژووییەکانی خۆیان دووبـــارە زیندوو دەکەنـــەوە، گۆرانی و موزیکیش دووهۆکارن کە وەك خۆی ئەم رووداوانە دەگێڕنەوە، ئەگەر ســـەیری داستانە کۆنەکانی کوردیش بکەی بە هەمان شێوەی هەموویان لە گۆرانی و هونەردا رەنگیان داوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەك پێویست نەمانتوانیوە بیپارێزین یاخود ســـاڵانە فیستیڤاڵ و میهرەجانی گەورەی هونەری تایبەت بە فۆلکلۆر ساز بکەین و رەسەنایەتی خۆمان نیشانی نەوەکانی نوێ بدەین لـــە هەمان کاتدا بـــە جیهانیش بڵێین ئەمەش فۆلکلۆر و گەنجینەی ئێمەیە و شانازیشی پێوە بکەین

هۆزان ئالین ســـەبارەت بـــە نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکانـــی هونەرمەنـــدان کـــە ئێســـتا لەلایەن هونەرمەندانەوە ئـــەم دیاردەیە زۆر بەربڵاوە دەڵێت: بـــەڕای من ئاســـاییە کـــە هونەرمەندێکی گەنج هەڵسێت گۆرانییەکی یەکێك لە هونەرمەندانی پێش خۆی دووبارە بکاتـــەوە و بیڵێت، بەڵام بە مەرجێك حەقی ئەو گۆرانییە و هونەرمەندەکەش بدات، من ئەو قســـەیە ناکەم لەبەر ئەوەی ئـــەم کارەم کردووە و پێشـــتر گۆرانی هونەرمەندانی دیکەم وتوتەوە، نەخێر ئەگەر منیش خۆم هەســـت بکەم کە مافی گۆرانییەکە یان هونەرمەندەکە نادەم، ئەو کات رێگا بەخۆم نـــادەم کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدەم و داوا لە جەماوەری خۆیشم دەکەم ئەگەر تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەو گۆرانیانەم شێواندووە کە دووبارەیان دەکەمـــەوە، تکایان لێدەکەم رێـــگام پێمەدەن و بڵێن تۆ مافی ئـــەوەت نییە ئەم کارە بکەیـــت، چونکە گۆرانییە ئەسڵییەکەت شێواندووە.

ئالین پێیوایە کورد خۆی زۆر دەوڵەمەندە لە بواری هونەرییەوە و پێویســـت ناکات هونەرمەنـــدان و گۆرانیبێژانی کورد روو لـــە هونەری میللەتانی دیکە بکەن بۆ ئەوەی کاری لەســـەر بکەن.

ئێمەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی هونەری لە بن نەهاتووین بەتایبەتی لە بواری هونەرییەوە کە دەتوانین زۆر سوودی لێ وەربگرین نەخاسمە ئێمەی هونەرمەندان، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە تا ئێســـتا نەمانتوانیوە نە حەقی کەلتووری خۆمـــان بە تەواوی بدەین نە وەك پێویســـتیش ســـوودی لێ وەربگرین بە پێچەوانەوە دەبینین میللەتانی دیکە زیاتر لە ئێمە ســـوودیان لێی وەرگرتووە و بە ناوی خۆیانیان بڵاوکردۆتەوە و ئێمەش تەماشـــایان دەکەین و ناچارین بڵێین ئەمانە هونەری کوردییان دزیوە.

دەربارەی بەردەوام بوونی لە گوتنی گۆرانییە کۆنەکانیش ئالین دەڵێ: راســـتە من تا ئێستا زۆر گۆرانی کۆن و فۆلکلـــۆرم دووبارە گوتوتـــەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە من تەنیا لەســـەر ئەو شێوازە بەردەوام بم، چونکە هونەرمەند دەبێ شارەزایی لە هەموو ستایل و شـــێوازەکانی گۆرانی و موزیك هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و زیاتر بناسرێت، بە هەمان شـــێوە زۆر ئاســـاییە کـــە هونەرمەندی کـــورد بتوانێت بە زمانەکانـــی تـــر گۆرانـــی بڵێـــت، بەڵام پێویســـتە ئەو کاتیش هـــەوڵ بدات خزمـــەت بـــە هونەری کوردی بکات لە رێگای زمانی ترەوە نەوەك بچێت بە توانـــا و بەهرە هونەرییەکانی خۆیەوە خزمەت بە نەتەوەیەکی دیکە بکات کە منەت و پێویستی پێی نییە.